


# ملوانکەو چوار کورتیلە چیرۆکی‌تر

سەمەد ئەحمەد

تەواوی مەملەکەت لەجۆش‌و خرۆشدا بوون، خۆیان بۆ ئاهەنگی شەکراوخواردنەوەی کوڕە پاشاو شازادەی ناسك ئامادەکردبوو، تەنها یەك رۆژی مابوو ئاهەنگەکە دەستپێبکات، پیاوان‌و دەرباری شاهەواڵیان هێنا، ملوانکەکە کە بڕیارە بەتایبەت بۆ شازادەی ناسك بهۆنرێتەوەو کوڕە پاشا لەم بۆنەیەدا بیکاتە گەردنی، چواردەنکی ناتەواوە، چوار ئیقلیمی دنیاش گەڕاون لەو دەنکانەیان چنگ نەکەوتووە.

**کوڕی پاشا تورەبوو و نەڕاندی:**

–هەردەبێت پەیدای بکەن، ئەگینا ملی هەر هەمووتان لەبڕینی قنچکە سێوێك ئاسانتر دەبێت.

بۆ چارەسەری ئەم کێشەیە، هەرچی لوقمان‌و حەکیمی شار هەبوو، هەرچی فێڵبازو فاڵچی‌و سیحربازو چادوگەری شار هەبوو هەموویان لەدیوەخانی پاشا کۆکرانەوە، کەوتنە پرس‌و راگۆڕینەوە.. سەرئەنجام پیرەژنێکی جادوگەر دەردی کوڕە پاشای تیمارکرد، ورتە ورتێکی چپاندە گوێی کوڕە پاشادا، زۆر کەیفخۆش بوو، یەکسەر فەرمانیدا کە بچن چاوی دوو عاشقی شار هەڵکۆڵن‌و بیهۆننەوەو ملوانکەکەو پێتەواو بکەن.. پیاوانی شا تەدارەکیان بینی‌و کاریان راییکرد، ملوانکە هۆنرایەوە..

مەملەکەتی شار لەگەرمەی شایی و ئاهەنگدابوون، شازادەی ناسك ملی بۆ کوڕی پاشا نەویکرد، کوڕی پاشا ویستی ملوانکەکە بکاتە گەردنی شازادەی ناسك، لەم کاتەدا چاوی عاشقەکان کە چوار دەنکی گەشی ملوانکەکەبوون لەدەستی کوڕە پاشاو لەگەردنی شازادەی ناسکو لەپەتی ناو قەدی خۆیان یاخیبوون، پەتەکەیان پچڕی، دەنکەکان ئازادبوون، چاوی عاشقەکان بوون بەمانگ، هەموو شەوێك بەحەواوە تەماشای پەتی ملوانکەکە دەکەن کە چۆن بووە بەئەژدیهاو پیرەژنە جادوگەرەکەو کوڕە پاشاو شازادەی ناسکو تەواوی مەملەکەت هەڵدەلوشێت..

**جادەی گۆران**

ئەو بەیانییەی کە (گۆران) بەخەیاڵاوی دەیڕوانییە بەرامبەری خۆی، وایزانی جادە چۆڵ بوو، بەڵام چۆڵ نەبوو..

ئێمە چەند هەنگاوێك لەپشتی ئەوەوە لەوێ بووین، ئاگامان لەو بوو کە چەند بەهێمنیو وەکو خۆی دەڵێت: (خەیاڵاوی) نیگای لەبەردەمی خۆی بڕی بوو و هەنگاوی دەنا.. هەموومان چاومان لێبوو کە لەوسەری جادەکەوە عەبا بەسەرێك پەیدابوو کە (گۆران) ناوی لێنا (پەری)، لەبەرئەوەی ئەو لەکچەکەوە لەئێمە نزیکتربوو، ئێمە لەدرزی پەچەوە هیچ نیگایەکمان نەبینی، نەمانزانی هەر بەڕاستی دەستو پەنجەو مەچەكو قۆڵو کەمەرو لاملو چاو چەناگەی ئەوەندە جوانو ناسکن، یان نا..

(گۆران) دوای ئەوەی ئەو بەژنو باڵا پەرییەی بینی، ئیتر هەر بەجارێ ئاگای لەئێمە بڕا، نەیزانی لەمسەری جادەکەوە چ حەشرێك بۆ خەڵکی شار سازکراوە. (گۆران) درەنگ، زۆر درەنگ پێی زانی کە ئەو بەیانییەی ئەو خەیاڵاوی دەیڕوانییە ئەو بەژنو باڵا پەرییەی بەرامبەری، ئێمەیان لەم سەری جادەکە، لەبەردەم چەند فەردە خۆڵێك ریزکرد، دەستودەمو چاوو قاچی هەموومانیان بەستەوە، ئینجا گوللەبارانیان کردین..

بەڵێ (گۆران) وایزانی ئەو بەیانییە جادە چۆڵو سێبەربوو، بەڵام چۆڵ نەبوو، ئەو سێبەرەش کە ئەو باسی دەکات، سێبەر نەبوو، بەڵکو تەمی ر ۆحیانەتی ئێمە بوو، بوو بەچەتری شار..

**جەللاد**

کەسی دووەمیشی لەسێدارەدا. کارەکەی ئەمە بوو، شەوانە لەدوای سەعات دوانزەوە سێ کەسو هەر دوو سەعات جارێك یەکێك لەسێدارە بدات..

لەدوای ئەمە چوو بۆ ژوورەکەی خۆی کە بەتەنیشت هۆڵی لەسێدارەدانەکەوە بوو. جەللادەکە چراکەی کزکرد، بەئومێدی خەوێکی خۆش سەری خستە سەر سەرین..

هەر ئەوەندەی چاوی چووە خەو، پەتی قەنارەکە بوو بەڕەشمارێکی درێژو لەکونی دەرگاکەوە هاتەژوورێ، بەرەو بنمیچەکە هەڵکشا، خۆی کرد بەپەتی سێدارە، لەچاوەڕوانی گەردنێکدا سەمای دەکرد..

پاسەوانەکە لەدەرگای‌دا، بەجەللادەکەی وت:

—ئەوا سەعات چوارە، هەستە کاری ئەم شەویشت تەواو بکە.

–تۆ بڕۆ منیش ئێستا ئامادە دەبم (جەللادەکە وای وت) لەدوای تاوێك پاسەوانەکە لەودیو دەرگاکەوە گوێی لەلرخە لرخێك بوو، دەرگاکەی کردەوە، گەردنی جەللادەکەی لەناو پەتی قەنارەکەدا بینی، هەر بەحەواوە زۆر بەزەحمەت بەپاسەوانەکەی وت:

–کەسی سێیەم دەبوو خۆم بم کە لەئەمشەودا لەسێدارە بدرێت.. وای وتو هەناسەی لێبڕا، بەڵام هەردوو چاوی هەر تەماشای پاسەوانەکەی دەکرد، کە هەتا ئەو کاتە ئەمیش لەبەر شەوقی چرا کزەکەدا هەر تەماشای جەستەی هەڵواسراوی جەللادەکەی دەکرد کە وەك رەقسی سەعات دەلەنگی..

کەسی سێیەم کە دەبوو ئەمشەو لەسێدارە بدرایەو لەسێدارە نەدرا، هەتا رۆژهەڵات هەر لەهۆڵی لەسێدارەدانەکە مایەوە، دەمەو بەیان هاتەدەرێ، دوای ئەوەی ئینجانەی گوڵەکانی زیندانەکەی ئاودا کە دەمێك بوو ئاو نەدرابوو، ئینجا بوو بەپەپولەو زۆر بەمیهرەبانییەوە بوو بەپاسەوانی گوڵی ناو ئینجانەکان..

**تەوار**

(م) دەمی منداڵەکەی لەمەمکی خۆی کردەوە، ساواکە دەستیکرد بەگریانو نووزانەوە، (م) تاوێك دەستو باوەشی خۆی بۆ کرد بەجۆلانەو مەلۆتکەکەی راژەند، منداڵەکە ئارام ئارام ژێربووەوەو بێدەنگ بوو، ئینجا لەسەر دۆشەکەڵە بچووکەکە درێژی کرد..

(م) لەسەرخۆ هەستایە سەرپێ، تاوێك لەمەلۆتکەکە راما، پاشان چاوی بڕییە باوکی منداڵە ساواکە کە پشتی لەم بوو، بەرەو لای هەنگاوی نا، گەیشتە بەردەمی، تاوێك چاوی لەچاوی بڕی، بەبێ ئەوەی هیچ بڵێت گەڕایەوە بۆ لای منداڵەکەی، دانەوییە سەر زەوی، ویستی ماچی بکات، بەڵام نەیکرد. هەستایەوە سەرپێ، مەلۆتکەکە وەك بڵێی لەم هەڵوێستەی دایکی نیگەران بووبێت، دەستیکردەوە بەگریانو نووزە نووز، بەڵام (م) ئاوڕی لێنەدایەوە، بەرەو لای ژووورە گەورەکە رۆیشت، لەپەنجەرەکەوە لوتکەی شاخە بەرزەکە بەجوانی دیاربوو..

(م) دەستی دایە دەمانچەکەو لەسەر سەری خۆی رایگرت، پەنجەی خستە سەر پەلەپیتکەکەی. دوو هێزی دژ بەیەك لەدەوری پەنجەی ئاڵان، یەکێکیان ناهێڵێت پەنجە بەپەلەپیتکەکەدا بنێت، ئەوی دی هێز دەخاتە سەر پەنجەی بۆ تەقاندن، هێزی یەکەم گریەو نووزەیەکی کزە، هێزی دووەمیش مۆتەکەیەکی رەش کە سالێکە شەوانە وەکو گورگ لەوێزەی (م)دایە.

ئەم دوو هێزە لەشەڕێکی بێئاماندان، (م)یش زۆر بێدەربەستانە چارەنووسو قەدەری خۆی داوەتە دەستیان، چاوەڕوانە یەکێکیان بەسەر ئەویتریاندا زاڵ بێت..

لەیەك کاتدا، مەلۆتکەکە بێدەنگ دەبێت، باوکی منداڵەکە بەرەو دەنگی تەقەکە رادەکات، (م) دەبێتە تەوارێك لەپەنجەرەکەوە دەڕواتەدەرێ، بەرەو لای هەڵۆی سەر شاخە بەرزەکە هەڵدەفڕێت کە سالێکی تەواوە بۆ (م) هەڵکوڕماوە..

**ژانی دەریا**

جگە لەخۆم کەسیتر لەهۆڵەکەدا نەبوو، تەنانەت هونەرمەندەکەش. دەنگی مۆسیقایەکی کز کە نەمدەزانی لەکوێوە دێت، سەدایەکی خۆشو ئەفسوناوی بەخشی بوو بەهۆڵەکە.

لەلای دەستە راستەوە، لەبەردەم یەکەم تابلۆ کە کەشتییەکی گەورەبوو و نیوەی لەئاودا نقوم بوو بوو راوەستام، زۆر بەقوڵی نیگام لەتابلۆکە بڕی، مەراقم بوو لەنهێنی نقووم بوونی ئەو کەشتییە بگەم، لەوەش زیاتر دەمویست بزانم ئەو کەسەی کە هێشتا نقووم نەبوونەو لەپاش تاوێکیتر ئەوانیش وەکو ئەوانیدی بەرەو مەرگێکی چاوەڕوانکراو دەڕۆن بیر لەچی دەکەنەوە..

لەئاست ئەو تابلۆیەدا، سەرنجم وەکو ئاوێنەیەکی شکاو لەت لەت بوو، هەر لەتەی بەر یەکێك لەسەرنشینەکانی سەر کەشتییە نیوە نقووم بووەکە کەوت. مەراقەکەم هاتەدی، رێك دەڵێی لەخەوێکی قوڵدام، بەئەندازەی کاتی خەون بینین، هەر یەکەیان رازو گەشتی ژیانی خۆیان لەو ماوە کەمەدا بۆ گێڕامەوە.. پاشان قولایی دەریا هەڵی لوشینو ئەویێ بوو بەماڵی هەمیشەییان..

لەو رۆژەوەو لەدوای بینینی ئەو دیمەنە، لێم تێکچووە نازانم ناخی من بووە بەقولایی دەریا، یان قولایی دەریا بووە بەناخی من.. بەڵام باش دەزانم کە منو دەریا بووینە بەیەك..

خۆشم نازانم چۆن بەرگەی ئەم هەموو ژانە دەگرم، ئێستا ناخی من هەڵگری هەمان ئەو رازەیە کە دەریا هەیەتی.

ئەو کاتەی دڵی دەریا دەگوشرێتو شێتانە دەتلێتەوە هاوار دەکات، قولایی ناخی منیش شلویێ دەبێتو دەشڵەقێت، ژان دەمگرێتو شەپۆل دەدەم.. ئەمە ئەو کاتانەیە کە یەکێك لەسەرنشینە خنکاوەکان بەسەرهاتو رازی ژیانی خۆی دەگێڕێتەوە..